# چۆن ئەبیتە پەرلـەمانتارێکی خۆشەویست و دڵسۆز

## لـە ئێستاو داهاتودا

لـە زۆرینەی وڵاتانی جیهاندا پەرلـەمانتاران نۆێنەری ڕاستەقینەی ئەو دەنگدەرانەن لـە پێناوی چاکسازی گرفت و بارگرانیکێشەی گەل ونیشتمانەکەیاندا دەنگو متمانەی خۆیانیان پێداون.

زۆر جار دەنگدەران لـە کوردستاندا لـە سەر باوەڕ دەنگ بە لـیستێك ئەدەن بێئەوەی یەکەیەکەی پاڵێوراوانی ناو لـیستەکە بناسن ، کەسانی ناو لـیستەکەش وەك پێویست مێژوی کەسایەتی خۆیان بۆ جەماوەر ڕاناگەیەنن لـە بەرئەوەی پشتئەستورن بە سەرکەوتنی لـیستەکەیان ، ئەمە بۆ خۆی کارەساتێکە، لـەم حاڵـەتەدا کەسانی لاوازو لـێنەهاتو ئەگەنە کورسی دەسەڵات و لـە ناو هۆڵـی پەرلـەمانیشدا ئەبنە کەسانێکی شەرمن و کەمدوو دەستبەتاڵ ، ئەشبنەکۆسپ لـەدابینکرنی خواستیدەنگدەرانیان و لـکەدارکردنیحیزبەکانیان.

لـە زۆرینەی وڵاتانی جیهاندا سستمیهەڵبژاردن بەپێی ئارەزومەندێتی دەسەڵاتدارێتی دەوڵـت و حیزبەکان بەرێوە ئەچێت بۆ نمونە :

ئەو لـیستانەی لای جەماوەر پەسەندن ئەوانەن لـە ملـملانێیەکی شەرعیانە و دیموکراسیانەدا بە شێوازێکی ئاشتیانەو سروشتیانە ئەچنەهەڵبژاردنەوە ، وەك هەڵبژاردنەکانی پەرلـەمان و شارەوانیەکانی وڵاتی سوید .

پاڵێوراوانی ناولـیستەکان بەم شێوەیە ئەچنە بەردەمی دەنگدەران :

ا- وەك کەسانێکی دڵسۆزو ناسراو و لـێهالـتو واتا شیاوێ ئەو ئەرکەبن پێناسەی خۆیان ئەکەن هەروەها بەرنامەو کاری خزمەتگوزاری خۆیان لـە ماوەی ئەو چەندسالـەی ئەرکی پەرلـەمانتارێتی لـە ئەستۆیانە پێشکەش بە دەنگدەران ئەکن ، بەم حاڵـەش دەنگدەران گوڵـبژێری پاڵێوراوانی ناو لـیستەکە ئەکەن و دەنگ بەوکەسانە ئەدەن کە ئەیانناسن جێیباوەڕیانن . ممکن نیە دەنگ بە کەسێك بدرێت ئەگەر پێش وەخت پێناسەی خۆییو ئەرك وبەرنامەیکاری خۆی یاحیزبەکەی ڕانەگەیاندبێت.

ب- ئەو لـیستەی لـەرێگەی بەرەیەکی بیبەرابەریو بێهاوسەنگی لـەنێوان چەند حیزبێکی لاواز و حیزبێکی بەهێزی دەستڕۆیشتوی حوکمڕان بەلـیستێکی داتاشراو ئەخرێتە بەردەمیدەنگدەران و لـەخۆشیان زیاتر ڕێگە بەلـیستێکی تر وەیا خەڵـکانێکی بێلایەن نادەن خۆیان کاندیت بکەن وەك نمونەی سستمی هەڵبژاردنە کانی پەرلـەمانی وڵاتی (سوریا)ی بەعس و هەندیی لـەوڵاتانی تر .

ج- لـیستی حیزبی حوکمڕان : تەنها بۆ لـیستی خۆی گۆڕەپانی هەڵبژاردنەکەی قۆرخ کردبێت ، بەمانا پاوەنکردنی دەنگی خەڵـکەکە لـە ڕێگەی زەبرو زەنگەوە ، ئەمەش لـە خۆیدا شێوازێکی دکتاتۆریی و ملـهوڕیی و قەرەقۆشییە تا سەر ئێسقان وەك سستمی عێراقی بەعسی پێشو .

لـەم حاڵـەتەدا پاڵێوراوانی لـیستی (ج) بەواقع ئەبنە فەرمانبەرێکی وابەستەی ملـکەچ و زیانبەخش بە مافی گەل و نیشتمانەکەیان. بالـێرە بەدواوە بچینە سەر(چۆن ئەبیتە پەرلـەمانتارێکی خۆشەویست و....).

پەرلـەمانتار ئەبێ دابڕاونەبێت لـەوخەڵکانەی دەنگیان پێداوە لـە دەرگای ماڵـەکانیان بدات ، سەردانی کارگەو کێڵگەو زانکۆکان و شەقام و بازارو داثیرەکانیان بکات ، ئەم پەیوەندیکردنە هیچ دیوار و کۆسپ وگومانێك ناهێڵێت لـەنێوان دەنگدەران و پەرلـەمانتاراندا ، ئەم نزیکبونەوەیەو لـەیکترگەیشتنە ئەبێتە مایەیی باوەڕبوون ومتمانەی زیاتر بە یەکتر.

- پەرلـەمانتار ئەبێ بە دوای ڕوداوو گرفتەکاندا بگەڕێت ، گرفتەکان نەتەوایەتی بێ یا ئابوریی ، سیاسی بێ یا کۆمەڵایەتیی ، یاسایی یا ڕۆشنبیری بێت بیکاتە بەرنامەی کاری ڕۆژانەی لـە ناو هۆڵـی پەرلـەمانیشدا بەئامانەتەوەو ئازایانە رایبگەیەنێت و داکۆکی لـێبکات.
- پەرلـەمانتار ئەبێ لـە دەرەوەی پەرلـەمان گوێگرێکی باش بێت و لـە ناو هۆڵـی پەرلـەمانیشدا قسەکەرێکی باش بێت ، بەمە پەرلـەمانتار ئەبێتە کەسێکی خۆشەویست و دڵسۆز .
- زۆرجار ڕویداوە لـە ناو پەرلـەماندا ، پەرلـەمانتاران سەرقاڵـی پرۆژەیەکن کە جێی خۆیەتی داکۆکی لـێبکرێت بەڵام هەڵوێستیحیزبێك لـە حیزبەکان بەپێچەوانەی سەقامگیربوونی پرۆژەکەوەیە ، پەرلـە مانتارانی سەر بەو حیزبە وەك ئیلـتزامی حیزبیان بۆ وەرگرتنی هەڵوێست ئەکەونە بەردەم سەنگی محەك ، دەنگ بۆ هەڵوێستی حیزبەکەیان بدەن کە لـە بەرژەوەندی تەسکی حیزبەکەیانە یا وەك قەناعەتیان بۆ پرۆژە سودبەخشەکە دەنگ بدەن ، ئەم واقعە لـە پەرلـەمانی سوید چەند جار ڕویداوەو دووبارەو چەندبارە بووەتەوە ، مولتەزمە حیزبیەکان بەپێچەوانەی هەڵوێستیحیزبەکەیانەوە ، بوێرانە ودڵسۆزانە دەنگیان بە سەقامگیر بوونی پرۆژەکەدا ، بڵێن ونەڵێن هەڵوێستی ئەم پەرلـەمانتارانە دژ بەخواستی حیزبەکەیان بوو وە بووشە مایەیی گرفتێك بۆ حیزبەکەیان لـە هەمانکاتیشدا بوونە جێیی خۆشەویستی زۆرینەی خەڵکانی دەرەوەو ناوەوەی پەرلـەمان ، بەڵام حیزبەکەشیان وەك پرنسیپێکی دیموکراسی و ڕێزگرتن لـە بیرو ڕای ئازاد نوێنەرەکانیان سزا نەدان .کەوابوو ئەو دروشمە زۆر ڕاستە کە ئەڵێت (پەرلـەمانتار ئەبێ بەرژەوەندی گشتیگەل و نیشتمانەکەی بخاتە سەرو بەرژەوەندی خۆیی و حیزبەکەیەوە) .
- پەرلـەمانتار بەحوکمی ئەرکە ناسکەکەی ئەبێ وەك پارێزەرێکی یاساناس خۆی چەکداربکات بە زانیاری یاسایی چونکە بەرپرسە لـە گۆڕین و دانانی یاسا و بەرپرسیشە لـەسەرپەرشتی جێبەجێکردنەکەیدا ، هەرچەندە ئەرکی گەڵاڵـە کردنی یاسا لـە ئەستۆی لـیژنەی یاساناسانە لـەناو پەرلـەماندا بەڵام شارەزابوونیش بەیاسا دووبارە لـە ئەستۆی یەکەیەکەی ئەندامانی پەرلـەمانیشدایە، هەروەها ئەگەرپەرلـەمانتارانی کوردستان بۆیان بڕەخسێ سەردانی پەرلـەمانەکانی دەرەوەی وڵات بکەن بۆ پەیداکردنی شارەزایی زیاتر ل ئەرکی پەرلـەمانتارانی ئەو وڵاتانە وەك ئەزمونێك کارێکی سودمەندە بۆخۆیان وڵاتەکەیان .

- وەختێ پەرلـەمانتارێك ئازایانەو لـەخۆ بوردوانە خۆی کردە کەسێکی ماندو نەناس و خەمخۆری گەل و نیشتمانەکەی ، بووە پاسەوانی ناو شاروو سنوری وڵاتەکەی و میلـلـەتیشی بە سەرچاوەی خۆی زانی بێگومانە لای خەڵـکەکەش ئەبێتە کەسێکی خۆشەویست و دەمڕاستی ڕاستەقینەیان، ئەو نائبە بێدەنگەی کە لـە هۆڵـی پەرلـەماندا دەمی بووەتە تەڵـەی تەقیی و لـە ناو لیژنە تایبەتمەندەیەکانشدا کەمدوە و کەڕو کاسە بێگومانە لای جەماوەریش بە (زڕ پەرلـەمانتار)ناو ئەبرێ .
- پەرلـەمانتاری خەمخۆر و ڕاستەقینە ئەبێت پێشوەخت ئاگادار بێت لـەسەرهەڵـدانیگرفتەکان و بەدوای چارەسەریدا عەوداڵ بێ تا گرفتەکان نەگاتە ئەو ئاستەی کارلـەکار ترازابێی و خەڵـکانی تووڕە و دڵـڕەنجاو ڕووبکەنە بەر قاپی بارەگای پەرلـەمان و نائیبەکانیان لـە خەوی غەفڵـەت بە ئاگا بهێنن و سکاڵاو داواکاریەکانی خۆیانیان پێرابگەیەنن .
- هەر داواکارییەك لـە چەند ئەندامێکی پەرلـەمانەوە ڕابگەیەنرێت تا پەرلـەمان بڕیاری خۆی لـە سەر بدات ، ئەبێت پێشوەخت میلـلـەت لـە ڕێگەی میدیاکانەوە ئاگاداركرابێت و لای پەسەند بێت واتا بە داخوازیەکی تەسکی خۆیی (زاتی) هەڵـنەسەنگێنێت ، وەك داوای زیادکرنی موچەی ئەندامانی پەرلـەمان یا زیادکردنی موچەی حیزبەکان ، باشترە بۆ ئەم جۆرە داواکاریانە میلـلـەت بە قەناعەتەوە پەسەندی بکات و بە داخوازی ڕەوای خۆی بزانێت ، وەك نمونە:لـە وڵاتی سوید ئەگەر فرۆشگایەك یان باخچەیەکی ساوایان یا دائیرەیەك یان یان ... لـە گەڕەکێکدا دروست بکرێت ، (کە ئەمە هەموی بۆ بەرژەوەندی گشتیشە)پێشەکی ڕای دانیشتوانی گەڕەکەکە وەرئەگیرێت ئەوسا بڕیاری لـە سەر ئەدرێت بە ئا یان بە نەء هەروەها بیانەوێت یارمەتی ماڵـی خوێنکاران زیاتر بکەن وەیا موچەو خزمەتگوزاری خانەنشینان و کەمئەندامان زیاتربکەن ، بەهەمان شێوە ڕای خەڵـکی وەرئەگرن لـەگەڵ دیراسەی باری ئابوری دەوڵـەت . نمونەی ڕوداوێکی زیندوی ناو پەرلـەمانی سوید : لـە بارەی (گۆڕینی کرۆنی سویدی بە یۆرۆیی ئەوروپی) گەلی سوید دژ بە بۆچوونی پەرلـەمان وئەنجومەنی وەزیرانی سوید دەنگی خۆیدا بە نەخێر ، لـێرەدا گەل بوە سەرچاوەی بڕیارو پەرلـەمان و ئەنجومەنی وەزیرانیش دۆڕاندیان وپاشەکشێیان لـێکرد ، ڕەنگە زۆر زەحمەت بێت سستمی حکومەتیهەرێمیکوردستان لـەم ڕووەوە تۆسقاڵـێك بگاتە سستمی حوکمڕانێتی سوید بەڵام ئەشێ ئەگەر بۆ بڕیارێکی ئاسایی‌ش بێت ئەبێ پەرلـەمان ڕای خەڵـکی ڕەچاو بکات وڕێزی لـێبگرێت و وەك سەرچاوەیەك حیسابی بۆ بکات .
- پەرلـەمان وەك بەرپرسیارێك ئەرکی خۆیەتی لـە بەسەرکردنەوەی ئەنجامدانی کارو ئەرکەکانی ئەنجومەنی وەزیران ، پەرلـەمان سەرچاوەی بنبڕکردنی گەندەڵـی و فەسادی ئیداریەکانە ، چارەسەری گرفتی نەبوونی کارەباو بەنزین وسوتەمەنیی وگرانی نرخی هاتوچۆو کەل وپەلـو خواردن و پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵـکی وەك دیاردەی کرێچێتیی و بێکاریی‌و پیس وپۆخڵـی شارو شارۆچکەکان وخراپی ڕێگای هاتوچۆی

یەکسایتی نێوان شارەکان وژینگەو خزمەتگوزاری تەندروستی وگەلێ شتی تر ئەمانە لەرێگەی پارێزگاری پارێزگایەکەوە یاحیزبێك ودووحیزبەوە چارەسەر ناکرێت بەڵکو چارەسەرکردنەکە ئەرکی پەرلەمانە لەبەر ئەوەی پەرلەمان بە پێی یاساو متمانەی گەل سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوی شەرعی گەل وخاك و نیشتمانەکەیەتی ، بەرپرسە لە چارەسەری ناتەواویەکان ، دڵسۆزیی وخەمخۆریی پەرلەمانتار لەراپەراندنی ئەرکی پێسپێردراوی کە ئەبێتە مایەیی خۆشەویستی لەناو خەڵکیدا.

- ئەرکی پەرلەمانتار وەك ئەرکی پزیشك وایە ، بە رۆژانە دەرمانی نوێیو ئامێری نەشتەرگەری نوێ دێتە بازارەوە بۆ خزمەتگوزاری ژیانی مرۆڤ ، هەمیشە پزیشك بەدوای ئەم نوێکاریانەدا عەودالـە ، ئەوە ئەرکی پیرۆزی رۆژانەی پزیشکە، ئەرکی پەرلەمانتاریش ئەبێت وا بێت بە رۆژانە بەدوای رووداوینوێی و گۆرانکاریە لەناکاوو بەپەلـەکاندا بگەرێت جا ئەو رِوداووگۆڕا نکاریانە لەهەر سنورێکدابێت پێویستی بە هەڵویست وبریاری واقیعیانەو مەوزوعانەی گونجاو هەیە لەکات و ساتی خۆیدا رایبگەیەنێت کە لە بەرژەوەندی چارەنووسیخاك و گەلـەکەی بێت ، ئەم خەمخۆریی و دڵسۆزیە ئەبێتە مایەیی پێزانینی گەل بۆ خۆشەویستی نوێنەرەکانی لە هۆڵی پەرلەماندا.
- لەدوو دەورەی پەرلەماندا ئەندامانی پەرلەمان نەیانتواى یاسای کاری ژمارە 70ی ساڵی 1987 و یاسای رێکخستنی سەندیکای کرێکاران ژمارە 52ی ساڵی1987ی بەعسی وگەلێك یاسای ئێکسپایەریتری بەعس بگۆرن بە یاسایەکی گونجاو ، ئەندامانی پەرلەمان لەم کەمتەرخەمییەیاندا بوونە جێی رەخنەو نیگەرانی چینی کرێکاری چەوساوە بە دەست یاسای کاری نەگونجاو و زیانبەخشیبەعسەوە و بە دەست چەوسانەوەی خاوەن کارەوە جا ئیتر خاوەن کار کەرتی گشتی چاوچنۆکو تالان فرۆشی کارگەکان بێت یا کەرتی تایەبەت !وا کارگە لەدوای کارگە لە کوردستاندا لە ناو ئەبرێت هەروەك ئەو کارگانە سەروەت وسامانی گەلی کورد نەبێت ، لەجێی ئەوکارگانە ملیۆنێرو ملیاردێری لەناکاوو گومانلێکراو بێبەرهەم دروستبوون !!، جێی نارەزامەندیە کارگەران لەسەر مافی رەوای چینایەتیخۆیان لەناو کارگەکەیاندا خەڵتانی خوێن بکرێن و سەندیکاو ئەندامانی پەرلەمانیش خۆیان لێ کر و کاس کردوە!!. ئەرکیپەرلەمانە هەڵوێستی جددی خۆی هەبێت لە سەرئەم زەبروزەنگ و نەگۆرینی یاسای کار و هەراجکردنی ئەو کارگانەی ماون و دروستبوونی ملیۆنێرو ملیاردێری یەکشەوە ، هەروەها داواکاریەکانی خۆپیشاندەران ومانگرتوەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە سەرشەقام وناو کارگەو ناو زانکۆکان و هۆڵی پارێزەران و بەردەم پەرلەمان و...هتد ، ئەو 12هەزار پەنجەمۆرەی کرێکارانی کوردستان وەك یاداشتو داواکاری دایانە پەرلەمان بۆراگرتنی زەبروزەنگ و گۆرینی یاسای کارو راگرتنی فرۆشتنی سامانی گەلـەکەیان ، ئەبیِئەوانەلە پەرلەمانەوە وەڵامێکی وایان بدرێتەوە تا داواکانیان دووبارەو چەند بارە نە

بێتەوە و پەرلـەمانتارانیش بەڵانسیبەرپرسیارێتی خۆیان لاسەنگ نەکەن تا بنە کەسایەتیەکی خۆشەویست و دڵسۆزو تیکوشەر لای دەنگدەرانیان .

2007 /2/2 قادر ڕەشید